# یەکسانی

بولبول کە تۆ ئازادی
لە دارستانا شادی
ئەفڕی ئەیدەیتە باڵێ
لە گوڵی زەرد بۆ ئاڵێ
هەردەمەی لە ئاوازێ
نەغمەو دەلیلی ڕازێ
وا پڕ بە دڵ ئەخوێنی
گولزاری پێ ئەدوێنی
تا گوڵی تۆ بە ناز بێ
دارستان پڕ ئاواز بێ
ئێمەی بەندی ناو قەفەس
ئاواتمان یەک باخەو بەس
کە دو گوڵ تیا هادییە
یەکسانیو ئازادییە
بەلام ئەوەی جێی داخە
ڕێگر لە دەوری باخە
بعسین مەلان دەست پیسن
باخمان سیسەو گوڵ سیسن
ئەوەی لە باخ  ئاو دێرە
باخەوانەو چاو دێرە
ئەگەر عرەب یا کوردە
تەنیا لە کارێ وردە
کە هەوڵو تێکۆشانی
بەهرەو ناوو نیشانی
بەرهەمی دارستانی
لە بەغداو کوردستانی
هەموی هەردەم بۆ خۆ یە
نەک جۆری بەهرەی تۆ یە
ئیتر لای ئەو ئینسانی
یا ئازادیو یەکسانی
چۆن ئەگاتە دەستوری

یا کەشیدەی ئەستوری
باخێ ڕابەری وابێ
دورە لەوەی ئاوابێ
با سەدەی بیسویەک بێ
تێکنۆلۆجی لە تەک بێ

تاهیر بابان